## ((( وەڵامێکی کورت بۆ دۆستەکانی زەکەریا هەولێری ! )))*

## نوسینی : شێروان بێ دڵ

بە ڕاستی جێگای داخە کاك زەکەریا ، کەتۆ خەڵکانێك فێر دەکەیت هێرش بکەنە سەرم بەناوی تر .

کێشەی من و تۆ ئەوکاتە دەستی پێکرد ئەوکاتەی کە من شیعری ( ڕێبواری ڕێگای دوورم ) دا پێت . ئەو کاتەی کەمن لە ماڵی کاك نەجمەدین ئاوارەی برات دانیشتبووم بۆ ماوەی نیو سەعات تەلەفۆنت لەگەڵ کردم و دەستخۆشیشت لێکردم بۆ ئەو شیعرە . ووتت من مۆسقایەکی باشم بۆ شیعرەکەی تۆ داناوە ، بگرە هەندیکیش لە مۆسیقایەکەت بۆ لێدام .

خۆمن ئەوکاتە زۆر برادەری ئێوەبوم ئێوەم خۆشدەویست ئێستاش نەمزانی بۆ وات کرد چونکە دەزانم لە درۆ زیاتر هیچ وەڵامێکی ترت پێ نیە بۆ من .

باشە تۆ بەبێ ڕەزامەندی من بۆ شیعرمت دا بەکاك (سەرکەوت ڕەسوڵ) تا هەندێکی کەمی لێبگۆڕێت و بەناوی ئەویش بڵاوت کردەوە !. کێ ئەو حەقەی دابوو پێت ؟! . ئێستاش لای خەڵك دەڵێیت ئەوە کێشەی من نیە کێشەی دوو شاعیرەکەیە . من شیعرەکەم دا بەتۆ نەمدا بە شاعیرەکە بەڵام تۆ حەز ناکەیت دان بە ڕاستی دابنێیت .

من چاوەڕێی ئەوەبوم داوای لێبردونم لێبکەیت بەڵام کەسێکی وەکو تۆ نازانێت لێبوردن چیە . کەسانێکت هەناردە سەرم تا دەمکوتم بکەن بەڵام منت پێ دەمکوت نەکرا . چوونکە ڕاستی هەر سەردەکەوێت ئێستاش زۆر بێ شەرمانە ئەو برادەرەت فێر کردوە ئەو هەموو جوێنە سووکانەمی بۆ نوسیوە ، گوایە بەناوە بەرزەکەی تۆ من دەمەوێت شوهرەت پەیدا بکەم .

بەداخەوە کە هەر ئەمەندەیە ڕادەی ڕۆشنبیری جەنابتان .

لە مێژە کورد دەڵێ : ((( ئەوکەسە کەسە ئەلفێکی بەسە ))) بەڵام وابزانم تۆ هەزار و یەك ئەلف و بێشت بەس نیە !

**دیسان دووبارەی دەکەمەوە و بە پیتی گەورەش بۆت دەنووسم**

**تۆ شیعری ((( ڕێبواری ماندووی ڕێی دووری منت دزی )))**

**بەلاّم داخی گەورەم تۆ ئەو پیاوە نیت دان بە هەڵەکانی خۆت دابنێیت .**

**مەسەلەیەکی کوردیش هەیە دەڵێت کە کاسە پڕبوو لێی دەڕژێت .**

**باوەڕت بێت ئەو کەسەی تۆ فێرت کردوە جوێن بۆمن بنووسێت هیچ لەمن کەم ناکاتەوە زۆر ناشیرینە لە ژێر پەردەوە گورجم بۆ ڕادەوەشێنیت .**

**باوەڕت بێت ئەتۆ تەنها (چاوەشی) و**

**هیچی تر نا . چونکە لە هەولێر ئەوەی گۆرانی بۆ پارە بڵێت و خۆی بفرۆشێت پێی دەڵێن (چاوەش ) .بەلاّم ڕووی ئەم زەمانە ڕەش بێت کەهەزارەها ناوی گەورە و ئەستێرەی گەش لە ئاسمانی هونەری گۆرانی کوردی هەن لەبەر ئەوەی خۆیان نافرۆشن وەکو تۆ لە دزەکان خەلاّت وەرناگرن !**

**ئەو برادەرەت فێرکردوە جوێنم پێبدات و شتی ناشرینم بۆ بنوسێت .**

**تۆ لای کەسانێك باست کردوە زۆرم پێ ناخۆشە کە پێمدەڵێن (زەکەریا هەولێری) گوایە هەرچوار پارچەکەی کوردستان تۆ دەناسن .**

**ئەو نوسینەی کاك ( عومەر فارس عەزیزیش ) لای من جێگای سەر سوڕمان نیە . چونکە مەسەلەکە هەمووی ئەوەندەیە لای من : ( دزەکانی کوردستان دزێکیان خەلاّت کردوە ! ) .**

**بەڕاستی من دەست خۆشی لە کاك (عومەر فارس عەزیز ) دەکەم**

**بۆ هەموو ئەو ڕاستیانەی کە ڕوونی کردبوە لە باسەکەی کەچۆن زەوی و زارێکی زۆر دراوەتە ئەم چاوەشە، کەتەنها بۆ پارە گۆرانی دەڵێت . یاخوا پێنوسی وا بە جورئەت وپاك هەر لەناو گەلی کورد زۆر بێت .**

**ئیتر سوپاسی هەموو ئەو خوێنەرە ئازیزانە دەکەم کە لەدەنگی حەق و ڕاستی گوێ دەگرن .**

- ماوەیەکە زەکەریا هەولێری  لێم ناگەڕێت ئەوەتا یا براکەی
فێر دەکات هێرشم بکاتە سەری جوێنم پێبدات ، یا خەڵکانێك بە تەلەفۆن
هەڕەشەم
دەکەن و جوێنم پێدەڵێن بگرە تەنانەت لە ماڵپەڕەکەی خۆشما
بە ئیمێل  جوێنم بۆ دەنوسن . جا بۆیە من بەکورتی وەڵامیانم دایەوە .